# ترسو شەرم لەکەسایەتی ئەو ژنانەی کە
# " ئەندامی زایەندییان تێکدراوە *"

**بێریڤان جەمال حەمە سەعید**



نەریتی "بڕین ئەندامی زایەندی مێنە"، یەکێکە لەو دیاردە کەلتوری و کۆمەلاییەتیەی کە دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە جەستەیی‌و دەرونی‌و زایەندی* کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا کاریگەری گەورەی لەسەر کەسایەتی مێینە دەبینی. جیا لەئازاری جەستەیی و مەترسی نەوەستانی خوێن کە لەکاتی ئەنجامدانی کردارەکە دێتە کایەوە، روونتر بلێین، لەکاتی بڕینی بەشێکی ئەندامی زایەندیی، منالەکە هەردوچاری ئازارو کێشەی جیاجیا نابێ بەڵکو لەقۆناغەکانی ژیانی داهاتودا وەک لەقۆناغی مێردمندالی بۆ نمونە کاتێ کچەکە سوڕانی مانگی دەستپێدەکات یان لەکاتی دروستکردنی ژیانی هاوسەری و دەستپێکردنی کرداری زایەندی، منداڵ بوون، کێشەکان سەرهەڵدەداتەوە.

لێرەوە بەبڕینی بەشێک لەئەندامی زایەندی منالەکە کە بەخێوکەر بڕیاری لەسەر دەدا، کێشەی مێینە کۆتایی نادێت، بەپێچەوانەوە کێشەکان زیاترو ئالۆزتر دەبێت، لەوەش بترازێ لەقۆناغەکانی داواتری ژیانیداکێشەی تر دێتە کایەوە. بەواتایەکی دی بەسەربردنی هەر یەکێ لەم قۆناغە گرنگانەی ژیان بۆ کەسێکی دی، کە ئەم کارەساتەی بەسەرنەهاتبێ، دیاردەیەکی ئاسایی و سروشتیە، لەکاتێکدا بۆ ئەو کچانەی تر کە بەشێک لەئەندامی زایەندییان بڕاوە، مانای دوبارە ژیانەوەی ئەو تراژیدیایە کە ڕوبەروبویان بۆتەوە. ئەم ژنانە دوچاری هەستی ترس‌و شەرم‌و نادڵنیایی‌و هەروەها نەبوونی باوەڕپێکردن بەکەسانی دەورپشتی بوون، هەندێکیان گۆشەگیرن‌و لەژیانی هاوسەریاندا کێشەیان هەیە. گەرچی هەندێ کەس بۆ ئەم کردارە نەرییتیە هەر هەمان وشەی خەتەنە بەکار دەهێنن، بەلام پسپۆرەکانی ئەم بوارە وشەی خەتەنەیان پێنادروستە، چونکە خەتەنەی نێرینە کردارێکی جیایەو ئامانجێکی تر لەخۆدەگرێ لەپاشانیشدا، زیانی بۆ سەر کرداری زایەندی پیاو نیە، بەلام هەمان کردەوە بۆ مێینە، کاریگەری جۆراوجۆری هەیە. لەئەنجامی لێکۆلینەوەی زانستیدا دەرکەووتوە کە نەک هەر زیانی لەسەر تەندروستی هەیە بەڵکو دەبێتە هۆی تێکدانی ئەندامی زایەندی هەر بۆیە ** لەهۆڵەنداو لەشوێنەکانی تری جیهان کردارەکە بە"تێکدانی ئەندامی زایەندی" ناوزەند دەکرێ.

ئاشکرایە، ئەم کردارە لەپێش کاتی فیرعەونەکانەوە بەکارهاتوەو لەچل ولاتی ئەفریقادا پراکتیزە دەکرێ، چەند شێوەیەکی جیاجیای لەخۆگرتوە کە لێرەدا جێگای باسکردنی نیە. لەسۆمالیاو ئەتیوپیاو میسرو سودان‌و شیرەلیون‌و مالی لەسەدا نەوەدی ژنیان ئەندامی زایەندیان تێکدراوە. لەهەندێ ولاتەکانی تری ئاسیاشدا وەک ئەندەنووسیاو مالیزیا، یەمەن‌و ئیمارات‌و گەلێ شوێنی تریش وەکو کوردستان پراکتیزە دەکرێ. بێگومان، لەهۆڵەندادا بەهاتنی پەناهەندە ئەفریقییەکان ئەم کێشەیە ئاشکرا بوو، لەسالانی نەوەدا بابەتەکە بوە خاڵی ئەجندای حیزبە سیاسیەکان‌و بایەخی تایبەتی وەرگرت. گەرچی بەرئەنجامدانی ئەم کردارە بەگوێرەی مافە بنچینەکانی مرۆڤ‌و مافی ژن‌و مافی منال قەدەغەیەو تاوانبار سزا دەدرێ. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لەلێکۆلینەوەیەکی نوێدا دەرکەوتوە کە ساڵی پەنجا منال لەشاری ئەمستردام‌و تلبرخ ئەندامی زایەندییان تێکدەدرێ***. ئێستاش لەشارە گەورەکان کارمەندەکانی

بواری تەندروستیو کۆمەڵایەتیو پۆلیس، لەڕێگای خولی ڕاهێنانو کۆرسی تایبەتەوە ئامادەدەکرێن بۆ قەڵاچۆکردنو نەهێشتنی ئەم دیاردەیە. هەر بەم بۆنەیەوە لەمانگی دووی ڕابووردودا لەشاری رۆتەردام لەلایەن چەند دامەزراوو ڕێکخراوانی پەناهەندەو هۆڵەندیو ئەفریقییدا کۆنفرانسێکی نێونەتەویی سازدرا. ئامانجی کۆنفرانسەکەش پێکەوە کارکردنی دەزگاو ڕێکخراوانی ناوخۆییو دەرەوە بۆ نەهێشتنی دیاردەی " تێکدانی ئەندامی زایەندی" لەهۆڵەنداو وڵاتانی ئەفریقا بوو. یەکێ لەکەسایییەتیە بەناوبانگەکانی جیهان کە لەزۆر مێژە بایەخی بەم نەرییتیە دڕەندەییە داوە، فێمینستو نوسەری بەناوبانگ دکتۆرە نەوال سەعداوی بوو. هەر چەندە بۆ ئەم خانمە کاتێکی کەمی بۆ تەرخانکرابوو بەڵام ئاماژەی بۆ باسەکە کردو سەرنجی ئامادەبوانی ڕاکێشا.

بێگومان تێکدانی ئەندامی زایەندی مێینە ئەو کردارەیە کە رەگوڕیشەی لەکۆمەڵگای نەرییتی سیستەمی باوکسالارییدا داکوتاوە، شێوازێکە لەچەوساندنەوەو زەبروزەنگو توندوتیژی بەرامبەر مێینە، بەئامانجی سنووردارکردنی ئازادیی چالاکیو هەڵسوکەوتی لەبوارە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریو کەلتورییدا. پراکتیزەکردنی ئەم کردارە نادادپەروەرییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بۆچوونە پێشوەخت ئامادەکراوو داهێنراوانە، ئەو بیروڕا نەگۆڕو چەسپیوانەی کە لەسەر مێیینە دانراون، ئەو بڕیارانەی لەسەر سیفاتو هەڵسوکەوتی مێیینە کە گشتگیرکراوە بەبێ ئەوەی لەڕاستیەوە نزیک بێت. بەمانایەکی دی مێیینە وەک کەسێکی سەربەخۆو یەکسان پەسەند نەکراوەو دانیپیادانەنراوە، هەربۆیە وەک مرۆڤێکی خاوەن هێزوتوانا نەبینراوە هەمیشە پاشکۆکراوە، بەکورتیەکەی مێینە بونەوەرێکی لاواز دەداو پێوستی بەچاودێریو پارێزگاری هەیە. لێرەوە منالی کچ نەک هەر مافەکانی لێزەوت دەکرێتو کۆنترۆڵی ژیانی دەکەن، بگرە جەستەشی تێکدەدەن. نمونەش بڕینی بەشێک لەئەندامی زایەندی مێینەیە بەئامانجی کەمکردنەوەیو پوکانەوەی ئارەزوی کرداری زایەندییە.

لە بەشی دوەمی کۆنفرەسەکە لەکاتی نیشاندانی فلیمێک کە کیژێکی شەش ساڵان نیشاندراو چۆن بەدوو پیرێژن قاچی کچەیان گرتوەو وەک ئاژەڵ بەگوریس بەسترایەوە بەگوێزانێکی پیس بەبێ بەنجکردن کەوتنە بڕینی ئەندامی زایەندی منالی بەستەزمان. لەکاتی قیژەو هاواری منالەکە هەر لەو ساتەوەختەدا لەهۆڵەکەدا دەنگی گریانو قیژەقیژ بەرز بوەوە، گرژیو ترس باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشا، فلیمەکە ڕاوەستێنراو تەواو نەکرا، ئەو کچە گەنجانەی کە لەهۆڵەکەدا ئامادە بوون، خۆیان هەمان کارەساتیان بەسەرهاتبوو.

دیارە ئەم کردارە گەر چی بەمنالی ئەنجامدراوە بەڵام کاریگەری قوڵی لەناخدا جێهێشتوە.

خانمێکی کورد کە هەمان ڕووداوی بەسەر هاتبوو توانای تەواوکردنی کۆنفرانسەکەی نەبوو، لەنیوەیدا هۆڵی جێهێشتو چووە دەرەوە. لەدواییدا کە باسی کێشەکەی کرد وتی: "نزیکی چل ساڵە لەتەنیایی گیرمخواردوە لەبەر ترسو شەرم ناتوانم باسی بکەم، هەموو ژیانمی تێکداوە هەستت دەکەم ئەندامێکی لەشم ڕفێنراوە، هەست بەنامۆیی جەستەی خۆم دەکەم، ساڵانێکی زۆرە دیلی ئەم ئازارەم، لەهەموی ستەمتر، ئەوە بوو کە هاوسەرەکەم تێنەدەگەیشت کاتێ دەهاتە جێگا هەموو لەشم گرژ دەبوو و دەلەرزیم دوابەدوای ئەوەش دەبووە شەڕو ناخۆشی.

ئێستاش شەو لەناو خەومدا ئەو ڕوداوە دێتەوە یادم، ئەو کچە 4 ساڵەم کە ئەقیژێنمو سەیری گوێزانی ژەنگاوی دەستی پیرێژن دەکەم هەر ئەقیژێنم، بەڵام کەس نەبوو بێتە هاوارو فریام، دەمەوێ لەگەڵ کەسو کارەکانم باسیبکەمو پرسیار بکەم، کێ لەخوشکەکانی ترم بەو شێوەیە ئەتک کراوە! کێ بەوشێوەیە ئەندامێ کە تەندروست بێ، تێکیبدەن، دەمەوێت یەخەی دایکم بگرم بۆ بەو دەردەی بردم. ئەم خانمە کە تەمەنی لەسەروو چلەکاندایەو خەڵکی شاری

سلێمانیه***و لەژێر چارەسەری سایکۆلۆژییەو تەنها ژن نیە کە ئەم ڕوداوەی بەسەرهاتبێ، بەڵکو ژنانی کوردی تریش هەیە کە بەئاشکرا ناتوانن باسی کێشەکانی خۆیان بکەن.

بێگومان هەوڵدان لەنەهێشتنی ئەم کردارە دڕەندییە هەر بەدانانی یاساو پەیڕەویکردنی یاسا ناوەستێتەوە، بەڵکو لەهەمانکاتدا گۆڕینی دابونەرییتیش کە گۆڕینی فەرهەنگو عەقڵیەت دەگرێتەخۆ، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا پرۆسەیەکی هوشیارکردنەوەیە. هەنگاو بەهەنگاو کارکردنی دەوێت.

ئەوەی سەرم دەسوڕمێنێ لەکاتێکدا لەشارە گەورەکانی هۆڵەندا لێکۆڵینەوەی زانستی جیاجیاو باسی چروپڕ لەسەر تێکدانی ئەندامی زایەندی مێینەی ئەفریقاو ئاسیا دەکرێ، لەهۆڵەکانی کۆنفرانسو کۆبونەوەکان شیکردنەوەو ڕێگاچارەسەری بۆ دەدۆزنەوە، لەهەمانکاتدا لەکەناڵەکانی تەلەفزیۆنو ڕۆژنامەو گۆفارەکاندا ریکلام بۆ جوانکاریی لەشی مێینە دەکرێ، ئەوەی دەیبینین لەماسمیدیا ئەو ژنانەن کە نەشتەگەرییان کردوە چەوری ورگو ڕانو سمت گەورەکردنو بچوکردنە، پرسیارەکە لێرە ئەوەیە ئایا کێن ئەوانەی کە نۆرم بۆ بەژنو باڵای ژن دادەنێن؟ کێن ئەوانەی ڕیکلام دەکەن بۆ مەمک گەورەکردنی ژنەکان کە هەر وەک میزەڵانی فووتێکراو دەچێت کە گشت سیمایەکی سروشتی لەدەستدابێت. کێن ئەوانەی خاوەنی عیادەو کۆمپانیای ریکلامەکان، ئایا خاوەندارەکان هەر پیاو نین؟ هەر پیاو نین کە لەبزنسی فۆتۆ مۆدیل بڕیار دەدەنو نۆرم بۆ وەزنی فۆتۆ مۆدێلەکان دادەنێن. هەر ئەوانن ئەو کچە گەنجانە هاندەدەن کە جەستەییان لەئێسک، زیاتر گۆشتی نابێ، پێوەبێت، هەندێجار بیر دەکەمەوە ئەڵێم هەڵبەت داهێنەری مۆدە ئەو پیاوانەن کە ڕقیان لەژنە، چونکە کە کچەکان دەبینم تەنها قەفەزەی سنگو دووقاچی بێ گۆشت دەبینم، دەڵێم ئەمەیە بەدڕەفتاری کردن بەرامبەر کچە گەنجەکان. مانگی پێشوو کچێکی گەنجی 17 ساڵ گیانی لەدەستدا لەبەرئەوەی بۆ کارەکەی وەک فۆتۆ مۆدێل لەژێر پاڵەپەستۆی ڕەجێمکردنێکی توندوتیژدا بوو، ئەوەبوو وەزنی گەیشتە نزیکی 43 کیلۆ. لەهەموی ستەمتر لەڕۆژی 8 مارتدا لەپرۆگرامێکی تەلەفزوێنیدا دکتۆریکی ئەمریکی وەک قەساب خەریکی نەشتەگەری ئەندامی زایەندی کچێکی 15 ساڵ بوو، کچەکە ئەندامی زایەندی پێ جوان نەبوو، لەبەرئەوە بڕیاری تەسک کردنەوەو پچوککردنەوەی دابوو، ئەمجۆرە نەشتەگەرییە، کە هەر وەک دکتۆرەکە باسی دەکرد لەچوار هەزار هەتا هەشت هەزار دۆلاری تێدەچێت. ئایا چ دکتۆرەکانی جوانکاریی‌و چ ماسمیدیا تێکڕا بەشدار نین لەچەوسانەوەی ژن؟ ئەو نۆرمە کە بۆ ژنی دادەنێن کە ئەندامی زایەندی تەسکو بچوک بێت جۆرێک نیە لەهێنانە خوارەو سوکایەتیکردن بەژنی ئەوروپی؟ ئایا تەسککردنەوەی ئەندامی زایەندی کچانی هۆڵەندیی‌و ئەو دیاردەیەی سەرەوە کە پێشووتر باسمکرد هەرئەوەیە، کە ئەمیان چەوسانەوەی مناڵی مێینیە لەکۆمەڵگای نەرییتیدا، لەلایەن بەخێوکەرو لەدەرەوەی خواستی مناڵەکەو بەبێ بەنج ئەنجامدەدرێ‌و ئەمیکەشیان لەکۆمەڵگای مۆدێرنەو خواستی کچەکە خۆیەتی‌و ئامێری پزیشکی مۆدێرن دەکرێ! ئەمیان کۆیلەی دابونەرییتو کەلتووریی، قوربانی نادادوەری کۆمەڵایەتیە، ئەمیتریشیان کۆیلەی ماسمیدیاو ریکلامی کۆپانیاکانن، ئەویان خەباتی گۆڕینی دابونەریتی دەوێ‌و ئەمیان خەباتی سایکۆلۆژی دەوێت کە نەیەڵێ بکەویتە ژێر کاریگەری ریکلامو میدیا، ئەمیان ترسنۆکو شەرمن، ئەمیتریشیان بەڕواڵەت بوکەشوشەیەو لەناوەوەشدا هەر هەمان هەستی نادڵنیایی‌و ترسی هەیە. ئایا لەهەردوو بارودۆخەکەدا چەوساندنەوەی مێینە دەرناخات؟

لە هۆڵەندا سەدان کچی گەنج خەریکی ئەم عەمەلیاتەن، خوازیارم چۆن کێشەی ژنانی پەناهندە باس دەکەنو جەختی دەخرێتە سەر، هەمان شێوە کێشەی مێینەی کۆمەڵگای هۆڵەندیش جەختی بخرێتە سەر.

* ئەم بابەتە لە 07-3-21 لە ئاوێنە بلاوبۆتەوە
* Beleidsplan Bestrijding Vrouwelijke Genitale Verminking 2005

** Vrouwelijke genitale verminking (Amnesty International) 2004

*** Vrouwelijke genitale verminking, nader bekenen (GGD 2005)

**** تکایە هەر چ خانمێک کەلە هۆلەندا دەژی و هەمان ڕوداوی بە سەر هاتبێت پەیوەندی بەم ئیمەلەوە بکات، گرنگە بۆ کۆمەک کردنی ئەوخانمانەی کە ئەو کێشەیەیان هەیە
b.hamasaid@chello.nl